گۆڤاری "K21" وەک سەرچاوەی مێژووی رۆژنامەوانیی کوردیی نهێنی و ئاشکرای شاری هەولێر

پ.د. ئازاد عوبێد سالح
بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

پێشەکی

رۆژنامەوانی وەك بەشێكی رووناكبیری، بایەخ و كاریگەری و دەورێكی زۆری لە كۆمەڵگەدا هەیە، بە تایبەتی كە وەك یەكێك لە دەسەڵاتەكان (چوارەم) حیسابی بۆ دەكرێت، ئەمەش سەر بۆ ئەوە دەكێشێتەوە، كە لە تۆماركردنی رووداوەكاندا، سەرچاوەی راستەوخۆ و زیندوو و شایەتحاڵی سەرەكی بێت. ئەمەش وا دەكات لە نووسینی مێژوودا بەسەرچاوەی سەرەكی دابندرێت و پشتی پێ ببەسترێت. بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین ئەو رۆژنامەیە چ رۆژنامەیەكە و سەر بە چ لایەن یان گرووپێكە..! لەم رووەوە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە بە كارێكی پێویست زانرا، بەتایبەتیش بۆ گۆڤارێكی بە روومەتی وەك "k21"، كە پڕاوپڕی بەڵگەنامە و بابەت و كەرەستەی خاوی نووسینی مێژوون.

لەم توێژینەوەیەدا بە تەنیا ئەو لایەنەی رووناكبیری كاری لەسەر كراوە، كە تایبەتە بۆ گۆڤارو رۆژنامە و بڵاوكراوانەی لە سەردەمی جیاجیا، بە ئاشكراو نهێنی، لە قەڵەمڕەوی شاری هەولێر دەرچوون و دەقەكانیان لە "k21"دا بڵاوكراونەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە ناساندنی گۆڤاری "k21"و ژمارە و بەڕێوەبەرانی و چۆنیەتی دەرچوونی و رۆڵی و هەندێ سەرنج و تێبینی سەبارەت بە گۆڤارەكە، پاشان گۆڤارو رۆژنامە ئاشكراكان و بەدواشیدا گۆڤارو رۆژنامە نهێنییەكان و ئەنجام و پاشكۆ، دەگرێتەخۆ.

گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە بەردەست نەبوونی هەندێ لە دەقی رەسەنی گۆڤارو رۆژنامە و بڵاوکراوەکان یان خراپ و بە کەموکورتی کۆپییەکانیان کە بڵاوکراونەتەوە، دەبینێتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی نەناسینەوەی ناو و نازناوی خواستەنی نووسەری هەندێ لە بڵاوکراوەکان، ئەوە هیچ کە گۆڤارو رۆژنامە و بڵاوکراوە نهێنییەکان، نە دەستەی نووسەرانیان دیارە نە وتار و بابەتەکانیان ناوی نووسەرەکانیان بە سەرەوەیە، ئەگەر هەشبێت ناوی خوازراوە، وەك سیمایەکی رۆژنامەوانیی نهێنی و شاخ و پێشمەرگە.

- گۆڤاری (کوردستانی سەدەی بیست و یەکەم ـ k21):

دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامە کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، ئەگەر دەوڵەت یان حزبی یان پارەدارێکی لە پشت نەبێت، بۆیە رۆژنامەوانیی ئەهلی لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی زۆر کەم و پڕ دەردەسەری و سەرئێشە بووە، کە سەرباری سانسۆری دەوڵەت، کەمتەرخەمی و نەدانی ئابوونەی بەشداران، داد و فیغانێکی زۆری نێو لاپەڕەی ئەو چەشنە رۆژنامانەیە. لەم ڕووەوە دەرکردنی گۆڤارێکی وەك "k21" بە تاقی تەنیا لەلایەن رۆژنامەنووسی بەتوانا و بە ئەزموون و پشوو درێژ"مومتاز حەیدەری"[1]، کارێکی هەروا ئاسان نەبووە، بەڵام ئەو بە پێداگرییەکی شێلگیرانە لەسەر دەرکردنی بە تەنیا مکووڕ بووە، وێڕای وەك خۆی گوتەنی: "لێدانی چەندین دەرگای بێ وەڵام"، ئەوا ئەو هەر پێداگر بووە، تا ئەوەی ژمارە (١)ی لە بەهاری ٢٠٠٨ بە قەوارەی (٤٤٠) لاپەڕە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەربکات، وەك: "گۆڤارێکی کلتووری ـ زانستی- مێژوویی- بەڵگەنامەیی- نەتەوەیی- وەرزیی ئازاد"، بە خودانی دەرکردن زیلان حەیدەری و سەرنووسەری مومتاز حەیدەری. ماوەیەکی کورت رائیدە ئەحمەد بایز، سکرتێری نووسین بووە. (مومتاز حەیدەری، ئەم گۆڤارە، بۆ لەدایك بوو..؟! ، k21، ژ (٢١)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤ ،ل٣).

سەبارەت بە ناوەکەشی هەر لەو وتارەدا حەیدەری نووسیویە، لە سەروبەندی وەرگرتنی مۆڵەتی گۆڤارەکە بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن (هەڵگورد جوندیانی) پێشنیاری کردووە، کە ناوەکەی بکرێتە k21 چونکە لەسەر زار خۆشترە، ئیدی ئەوە بوو

گۆڤارەکە تا ژمارە (٢١)ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤، بەردەوام بوو بە قەوارەی جیا جیا نزیکەی (٩٤٣٠) لاپەڕەی دەوڵەمەندی پڕ زانیاریی جۆراوجۆری رووناکبیری کە بە هەق بووەتە تۆمار و سەرچاوەیەکی زۆر بایەخدار بۆ نووسینی مێژووی هاوچەرخی کورد. (مومتاز حەیدەری، بۆ مانتان گرتووە ...؟ تا کەی مان دەگرن..؟!،k21، ژ (٢١)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤،ل٣).

وێڕای ئەوەی ئەو گۆڤارە بۆ خوێنەران و توێژەران و مێژوونووسان، کەرەستەیەکی زۆری لە بەڵگەنامەی مێژوویی گرنگ لەخۆ گرتووە، کە هەروەك بۆتانی ئاماژەی پێکردووە، بایەخی ئەو گۆڤارە بۆ نەوەکانی داهاتووش درێژەی دەبێت، چونکە بەشێکی یادگای مێژوویی کوردی بۆ پاراستووین، بەمەش حەیدەری پێشەنگییەکی بۆ خۆی تۆمار کردووە. (k21، ژ (٢١)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل٣). ئەم گۆڤارە دانسقە و ناوازە، بەڕاستی پەیامێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی بەڕوونی پێوە دیارە، ئەلبوومێکی دەوڵەمەندی وێنەی مێژوویی دەگمەنە.

- سەرنج و تێبینی سەبارەت بە گۆڤاری k21:

وەك هەر کارێك، دیارە بێ سەرنج و تێبینی نابێت، گۆڤاری k21 لەم لایەنە بەدەر نییە. لەڕووی نەخشەسازییەوە، گۆڤارێکی زۆر پڕوچڕ و مانشێتە، بەتایبەتی بەرگەکانی، تەنانەت ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن پاژنە (کعب)ەکەیشی دروشم و مانشێتی تێدا نووسراوە، کە پێم وابێت ئەمە بۆ خوێنەر بە تایبەتی خوێنەری ئەمڕۆ، ماندووکەرە و چاو و مێشك پێیەوە خەریك دەبن. چونکە بێگومان هونەری نەخشەسازی ئەم سەردەمە جیاوازیی زۆری لەگەڵ رابردوودا هەیە و هەموو خوێنەرێك ئامادە نییە، ئەوەندە خۆی بەو مانشێتانەوە خەریك بکات. سەبارەت بە قەوارەی گۆڤارەکەش بەڕاستی ئەمەش زۆر بە زەحمەت لە جێی خۆیدا نییە،بۆ نموونە لە ژمارە (٧)، حەوت سەد لاپەڕەیە. ڕاستە بابەتێکی زۆری لە خۆ گرتووە، بەڵام وێڕای خەرجییەکی زۆر، ئەوا بە زەحمەت هەڵگیرو وەرگێڕ دەکرێت و دیسان خوێنەر بێزار دەکات، ناچاری دەکات زوو داینێ بەهۆی قورسی و کێشی، وێڕای ئەمە دەکرا بە قەبارەیەکی گونجاو و یەك بارست و گێڕانەوەی خەرجیش پتر

بەردەوامی بە دەرچوونی بدرابوایە. لەگەڵ ئەمانەش ڕەنگە هەندێ بابەت و وێنەی زۆر دووبارە و زۆر پێویست نەبووبن بۆ بڵاوکردنەوەیان بۆ جارێکی دیکە، وەك لە پێشتریش گوتمان ناوەڕۆکەکانی زۆر سیخناخ بوونە، واتە نەخشەسازییەکەی ناوەڕۆکی دیسان گرفتی زۆر بۆ خوێنەر دروست دەکات و ماندووی دەکات. تەنانەت ژمارە هەیە پێڕستی نییە، یاخود جێگۆڕکێ بە پێڕست کراوە(٢). لەگەڵ ئەمانەش زۆریی روونکردنەوە و بەدواداچوونی سەرنووسەر بۆ هەندێ بابەت و بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژە و بڕگە و نووسین کە لە شوێنی خۆیان نەبن. دڵنیام ئەگەر بە تەنیا گۆڤارەکە بەڵگەنامەیی بوایە و بە نەخشەیەکی گونجاو ڕێك بخرابوایە، لەبەرئەوەی سەرنووسەر خودان گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی بەڵگەنامە و ئەرشیڤە و خەڵکیش یارمەتی دەدا، کارەکە زۆرتر لە شوێنی خۆی دەبوو.

- ڕۆژنامە و گۆڤارە نهێنییەکان لە گۆڤاری K21 دا:

١ ــ یەکێتی تێکۆشین:

زمانحاڵی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی عێراقی، لقی کورد، ژمارە (١)ی لە ساڵی ١٩٤٤ و ژمارە (٢)ی ١٩٤٤ و ژمارە (٣)ی لە ١٩٤٥ لە هەولێر لە گەڕەکی عارەبان لە ماڵی حەیدەر ئەفەندی حەیدەری، وەك یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسیی نهێنی هەولێر دەرچووە. نافیع یونس(٣) و ساڵح حەیدەری(٤)، دەوریان لە دەرکردنیدا بینیوە. لەسەر لۆگۆی نووسراوە: "مردن بۆ فاشیست، ژیان بۆ نیشتمانی سەربەست"، لە ژێرەوەشی لەلای ڕاست ئەمە نووسراوە: "تێکۆشین بۆ بەهێزکردنی جەبهەی وەتەنی بۆ ئازادی و سەربەستی کورد"، لەلای چەپیش نووسراوە: "وریابە ئەی میللەت لە دەسائسی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی"، دیارە بابەتەکانی سیاسین. تەنیا دوو ژمارە لە K21 بڵاوکراونەتەوە(٥).

ژمارە (٢)، ١٩٤٤:"وریابە ئەی میللەت" لە سەرەتادا پرسیارێکی پڕ واتا دەکات، کە بۆچی تائێستا ئەو هەموو خەبات و تەقەلایە و تێکۆشان و خوێنڕشتنەی کورد کەچی بێ بەرە؟ ئەوەش بۆ دواکەوتوویی و کۆمەڵەی خێڵەکی کوردی دەباتەوە و لە پاڵیشیدا دەستوەردانی بێگانە لە کوردستان و دابەشکردنی کوردستان و دامەزراندنی

دەوڵەتی عێراق و چەوسانەوەی کورد لەژێر ستەمی دەمارگیریی نەتەوەیی عەرەب، بۆ ئیستیعمار لە ڕێی کۆنەپەرست و دەرەبەگ ئامانجەکانیان بە دەست بێنن، بۆیە داوای وریابوون لە میللەت دەکات، لە خەباتی هەردوولا بگەنە ئازادی و مافی چارەنووس. لە وتارێکی درێژ بە ناوی "کوردو ئۆکتۆبەر"دا، وێنەی ستالین و لینین بڵاوکراوەتەوە و نووسیوویە: حوکمی سۆڤیەت دونیای رووناك کردووەتەوە، دوای ئەوەی لە رۆژگاری تزار (قەیسەر)، ژیانی میللەتانی روسیا لەژێر ستەم و چەوسانەوە و دواکەوتوویی دابوون، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیەت و پەرەسەندنی، کوردیش لەوێ ئەم رووناکییەی بەرکەوت و تەبایی و ئاشتی جێی ناکۆکییەکانی گرتووەتەوە و ژن و پیاو یەکسانن. وتارێکی دیکە بە ناوی "یەکێتی تێکۆشین بۆ ئازادی نیشتمانمان"، تێیدا باس لە دەوری کۆمۆنیستانی کورد دەکات بۆ ئەوەی پرسی کورد لە عێراق بایەخی پتری پێبدەن، لە هەمان کاتدا چاوپۆشی لە کوردانی باکوور و رۆژهەڵاتیش ناکات، بۆ ئەوەی دونیا لە زوڵم لێکراویی کورد ئاگادار بکەنەوە و مافی خۆی وەربگرێت، بەڵام لە سەرەتا بۆ سەربەستی عێراق خەبات دەکەن، لەمەشدا عەرەبە کۆمۆنیستەکانیش پشتگیری دەکەن، هەردوولا لە کێشەی میللەت دەگەیشتن، داوای یەکڕیزی لە گەلی کورد دەکەن "دەنگوباس"ی شارەکانی کوردستان لەسەر لاپەڕەکانی یەکێتی تێکۆشین بڵاوکراوەتەوە، سەرەتا لە هەولێر باسی رەشبگیر لەناو شاری هەولێر دەکات لەلایەن فەرمانڕەوای ئۆردوویی هەولێر خەڵك گیراوە، دواتر بەردراون. هەروەها باس لە خراپیی شەقامەکان و قیرتاو نەکردنیان و پیسی شارەکە دەکات و ڕەخنە لە سەرۆکی شارەوانی دەگرێت کە تێکۆشین بۆ ئەو کارە دەست نادات، داوا دەکات حکومەت کەسێکی رۆشنبیر بۆ ئەم کارە هەڵبژێرێت. لە سلێمانیش رەخنە لە موتەسەریف مەعرووف جیاووك (١٨٨٥- ١٩٥٨) دەگرێت و فرۆشتنی وەزیفە و مەسەلەی تەموین کە بواری دزی و گەندەڵی تێدایە. لە پێنجوێنیش، لە بارودۆخی خراپی جووتیار و کرێکاران دەدوێت کە ٩٥% ی خەڵك پێکدەهێنن. (k21، ژ (١٥) ناوەڕاستی ٢٠١٢، ل٤٧٣-٤٨٥).

ژمارە (٣) ی یەکێتی تێکۆشین وێڕای زانیارییەکانی سەر ژمارەی پێشوو لەم ژمارەیەدا نرخی لەسەر دانراوە و نووسراوە "نرخی ژمارە (٥٠) فلسە". لەم ژمارەیەدا بەم

سەرناوە دەست پێدەکات: "بۆ خوێندەوارانی خۆشەویست"، مژدەی یەکگرتنی کۆمەڵەی برای سوڤیستان"لەگەڵ یەکێتی تێکۆشین" ڕادەگەیەنێت، دیارە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە لەسەر بنەمای یەکڕیزی. لە وتارێکی درێژدا بە ئیمزای یەکێتی تێکۆشین" بەناوی "دەشتی قەراج پێویستە دووبارە بگەڕێتە [وە] هەولێر! و دابەش بکرێتە سەر فەلاحەکان"، تێیدا باس لە بڕیارێکی حکومەت بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران دەکات، کە دیارە کارێکی باشە و دروشمی ڕێکخراوەی (یەکێتی تێکۆشین)یش بووە، بەڵام ئەو کارە لە دەشتی قەراج پێچەوانەی ئەو بڕیارەی بووە، پاشان باس لە هەڵکەوتە و بایەخی ئەو دەشتە دەکات، هەندێك کاری (تسویە)ی تێدا کرا، بەڵام بۆ ئاغا و دەرەبەگەکان و ئەویش لەسەر قسەی جووتیاران کە ئەو زەوییانە بابەلباب لەژێر دەستی ئاغایاندا بووە، بەمەش ڕەوایەتی بە (تسویە) کرانی لەسەریان درا و کرمانج (جووتیار)ەکان بێ ماف مانەوە، دیارە ئەمەش لەژێر ئەشکەنجە و تۆقاندن و هەڕەشە و ترسی ئاغاکان بووە. وێڕای ئەمە ئەوەی ماوە (تسویە) نەکراوە، حکومەت پێوە بووە ناوچەکە بخاتە سەر ناحیەی (شەرقات) بۆ دەرەبەگێکی عەرەب کە سەرۆك عەشیرەتی شەمەر (صفوك) بووە، بۆیە ڕۆژنامەکە زیانەکانی ئەو کارەی دیاریکردووە بۆ جووتیارەکان و ئاژەڵەکانیان و شاری هەولێر و بەڵگەی خراپی ئەو کارە بە نموونەی دوو عەشیرەت دەهێنێتەوە، کە بووەتە هۆی دەربەدەربوونی خەڵکی چەند گوندێك، بۆیە داوای جێبەجێنەکردنی ئەو کارەیان کردووە، چونکە دەبێتە هۆی ئاژاوە و ناکۆکی و شەڕ، تەنانەت ئاغاکانی دزەیی خۆیان ئامادە کردووە، کە بە زەبری هێز زەوییەکانیان وەربگرنەوە. لەمەشدا جووتیارەکانیش پشتگیرییان دەکەن، تەنانەت هۆزەکانی کوردیش پشتگیرییان دەکەن لەڕووی نەتەوەیی و هاوخوێنی، هەندێ عەشیرەتی بچووکی عەرەبیش پشتگیری لێ دەکەن، کە سەرەنجام دەبێتە کێشەی نێوان کورد و عەرەب و گەورەتر دەبێت، بۆیە بۆ ئەوەی کارەکە تەشەنە نەکات حکومەت ئەم بڕیارە بگۆڕێت، دەشتی قەراج هەر سەر بە هەولێر بێت و دوای (تسویە) کردنی زەوییەکان بەسەر خەڵکی ناوچەکە دابەش بکرێت، ئەوانەی وەری دەگرن مافی فرۆشتنیان نەبێت، حکومەتیش یارمەتی خەڵکەکە بدات بەمەبەستی پێشخستنی کشتوکاڵ بە ڕاکێشانی پرۆژەی ئاو بۆ

شوێنەکە، رەچاوی جووتیارەکان بکرێت نەك ئاغاکان. لێرەدا هەوڵی بەعەرەبکردن دەردەکەوێت، بەمەش دەوری دیاری رۆژنامەوانی بەڕوونی دەردەکەوێت، کە رۆژنامە چۆن رووداوێکی مێژوویی بایەخداری لە ناوچەکە تۆمار کردووە، کە هیچ نەبێت ، بۆ ئێمە نەزانراو بوو. (یەکێتی تێکۆشین، ژمارە (٣)، ساڵی (١)، ل١-٥؛k21، ژ (١٥)، ناوەڕاستی ٢٠١٢، ل٤٨٦-٤٩١).

بابەتێکی دیکە (سەیرە لە کۆییێ)، تێیدا لە بارودۆخی ئەم شارە دەدوێت هەر لە نەخۆشخانە کە بێ دەرمان و بێ خزمەتگوزارییە. قوتابخانەکانیش، ئەویش دووچاری بەرێوەبەرێکی خراپ بووە. لە هەمووی گرنگتر رێگای هاتوچۆی کۆیە کە کێشەیەکە هەوڵی چاککرانی نەدراوە و بە بیانووی جۆراوجۆر پشتگوێ خراوە. (k21، ژ (١٥)، ناوەڕاستی ٢٠١٢، ل٥٠٣-٥١١).

ئەم بابەتانە دیارە زۆربەی هەرە زۆریان راستن، وەك مێژووی ئەو رۆژگارە زانیاریی گرنگن، بەتایبەتی هەندێ لە کێشەکان تا هەنووکەیش بەردەوامییان هەیە هەر بۆ نموونە وەك رێگای هەولێر- کۆیە . لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە رۆژنامە چۆن رووداوێکی مێژوویی بایەخداری لە ناوچەکە تۆمار کردووە، کە پێشتر هەر هیچ نەبێت بۆ ئێمە نەزانراو بوون.

٢ ـ کادیر:

گۆڤارێکی رۆشنبیریی خولی بووە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری کردووە. ژمارە (١)ی لە تەمووزی ١٩٦٨ و ژمارە (٥) ی ئەو خولە لە ئابی ١٩٦٩، لە چاپخانەی خەبات چاپ بووە بە (٨، ٩، ١٢، ٨، ١٧) لاپەڕە و بە زمانی عەرەبی بووە. (k21، ژ (١٥)، ناوەڕاستی ٢٠١٢، ل٥٥٤-٥٩٨).

ئەم گۆڤارە بە مەبەستی وشیارکردنەوەی ئەندامانی پارتی و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری پارتایەتی، هەروەکو لە "ئامانجەکانمان"دا روونی کردووەتەوە، بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادیری پارتی و بۆ قووڵکردنەوەی وشیاریی سیاسی و تیۆری و لێکدانەوەی بەرنامە و پەیڕەوی پارتی. هەر لەو ژمارەیەدا سەبارەت بە کادیر وتارێکی بە ناوی بنەما گشتییەکانی کادیر دەخاتەڕوو، هەر لە بایەخی کادیر لە ژیانی

ناوخۆیی پارتایەتی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی کادیر و سیفەتەکانی کادیر و پێوانەی پێشکەوتنی کادیر و بایەخی تایبەتمەندییەتی لە ئاڕاستەکردنی کادیر و پەیوەندیی کادیر بە ئەندامان. لە بابەتێکی دیکەدا لێکدانەوەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و بابەتێکی دیکەش فەرهەنگی سیاسی بۆ ڕاڤەکردنی زاراوە سیاسییەکانی وەك ناوەندییەتی دیموکراتی، شۆڕشگێڕییەتی، لیبرالیەت. (k21، ژ (١٥)، ناوەڕاستی ٢٠١٢، ل٥٤٦-٥٥٣).

لە ژمارە (٢)دا "واتاکانی کادیری سەرکەوتوو" وتارێکی ڕۆژنامەی خەباتە جارێکی دیکە لێرە بڵاوکراوەتەوە. لێکدانەوەی بەرنامە، تێدا باس لە حوکمی خۆڕێبەری (ئۆتۆنۆمی) خەبات لە پێناو حوکمی زاتی چییە؟ بەیانی **٢٩**ی حوزەیران، جارێکی دیکە لەبارەی کادیرەوە، کە بایەخێکی زۆری پێداوە بەم شێوەیە: کادیر لە کوێ دەست پێدەکات، کادیر و سامان، ڕۆشنبیریی کادیر، کادیرو پیشە، کادیرو ئیمتیازات، کادیرو دادپەروەری، کادیرو بەرژەوەندییەکان، باشترین کادیر کێیە؟. فەرهەنگی سیاسی چەند زاراوەیەکی سیاسی وەك شۆڕش، ئیستیعمار، شۆڤینیەت، لێکدراوەتەوە. (k21، ژ (١٥)، ناوەڕاستی ٢٠١٢، ل ٥٥٤، ٥٦١).

ژمارە (٣): ناوەندییەتی دیموکراتییەت، وەك سەروتار ئەو چەمکەی بە وردی لێکداوەتەوە، نزیکەی چوار لاپەڕەی گۆڤارەکەی گرتووەتەوە. جارێکی دیکە لە بارەی کادیرەوە، دیسان لێکدانەوەی بەندەکانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانە. فەرهەنگی سیاسیش: فاشییەت، ئومەمییەت، نازییەت و کۆسمۆپۆلیتی گرتووەتەخۆ. (k21، ژ (١٥)، ناوەڕاستی، ٢٠١٢، ل٥٦٢-٥٧٣).

ژمارە (٤): کادیر لە ڕاییکردنی ئەرکی پارتایەتی نیشتمانی بەردەوامە، دیسان لەبارەی کادیرەوە، لێکدانەوەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، فەرهەنگی سیاسی ئەم زاراوانەی لەخۆ گرتووە: ئەنارشیزییەت، فابییەت، ئینتهازییەت (هەلپەرستی). جیا لە ژمارەکانی پێشوو بابەتێکی بە ناوی "هەندێ بەڵگەنامەی سیاسی و مێژوویی سەبارەت بە دۆزی کورد"، تێیدا دەقەکانی پەیماننامەی سیڤەری لەبارەی دۆزی کورد و دامەزراندنی قەوارەیەك بۆ کورد و ڕاگەیاندنی جەژنی لەدایکبوون لە ٢٤ ی کانوونی یەکەمی **١٩٢٢** لەخۆ گرتووە. (k21، ژ (١٥)، ناوەڕاستی ٢٠١٢، ل٥٧٤-٥٨١).

ژمارە (٥): ژمارەیەکی تایبەتە بەبۆنەی بیرەوەری دامەزراندنی پارتی، ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە، دەوری پارتی دیموکراتی کوردستانمان لە ڕابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازی کوردی و پاراستنی لە هەر جۆرە لادانێك، لەبارەی ڕێکخستنەوە، باس لە پێداویستییەکانی پارتی دەکات لە کادیر. کادیر وەڵامی پرسیاری خوێنەران دەداتەوە، هەندێ بەڵگەنامەی سیاسی و مێژوویی سەبارت بە دۆزی کورد -ڕاپۆرتی لیژنەی ڕاپرسی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی مووسڵ سەبارت بە داخوازییە نیشتمانییەکانی کورد لە عێراق، دەقی کۆمەڵێك بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ مانگەکانی نیسان و ئایارو حوزەیرانی ١٩٢٥، بەڵێنی ڕەسمی عێراق بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان سەبارەت بە کوردی عێراق، وەك هەموو ژمارەکان فەرهەنگی سیاسی، تێدا باسی: کودەتا، شۆڕش بە هەموو جۆرەکانی: بورجوازی، کۆمەڵایەتی، سۆسیالیستی، ڕۆشنبیری، کردووە. (k21 ، ژ (١٥)، ناوەڕاستی ٢٠١٢، ل٥٨٢-٥٩٨).

دیارە کادیر بە نهێنی و لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەرکراوە و بەو پێیەی ئەو ناوچانەی سەرکردایەتی سەر بە هەولێر بوونە، بۆیە بە بەشێك لە ڕۆژنامەوانیی هەولێر دادەنرێت(٦).

٣ــ دەنگی پێشمەرگە:

لە ژمارە (١٤)ی ئەیاری ١٩٦٨ تا ژمارە (٢٤)ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ لە گۆڤاری k21 بڵاوکراوەتەوە، واتە (١١)، ژمارە لەسەری نووسراوە "لیژنەی ئاڕاستە و پەخشی شۆڕشی کوردستان دەری دەکات". (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل٩٦-٢٨١).

ژمارە (١٤) لە ئەیاری ١٩٦٨ بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە: وتاری یەکەمی ئەم ژمارەیە بەناوی دیسان ٢٩ ی حوزەیران، دیارە مەبەست ئەو بەیاننامەیە، کە لە ساڵی ١٩٦٦ حوکمەتی عێراق بۆ دانان بە حوکمی لامەرکەزی و دانی مافەکانی داناوە. "ماف ئەپچڕین" چوار دێڕە شیعرە لە شیعری سەعید ناکام (١٩١٧-٢٠١٠) دەچێت. "مافەکانی مرۆڤ"، سڵاو لە یەکی ئایاری پیرۆز، "کارەساتەکەی هەولێر-میری بۆ ئەم

گۆبەندەی گێڕا؟" ئەو رووداوە تۆماری رووداوێکی گرنگە لە مێژووی شۆڕشی کوردستان لە هەولێر ئەویش کوژرانی شێخ حەنەشی شێخی عەشیرەتی تەیی لە رۆژی ١٣/ ٤/ ١٩٦٨، لە ئەنجامدا حکومەت زنجیرەیەك پەلاماری بۆ ناوچەکە کردووە و پێشمەرگەش بەرگری کردووە بە فەرماندەی فارس باوە ئامیر بەتالیۆنی ناوداری دەشتی هەولێر. (دەنگی پێشمەرگە، ژ (١٤)، ئایاری ١٩٦٨، ل١-٣، ١٠).

پیلانە گڵاوەکانی دوژمن و ناپاك، ملی خۆیان ئەگرێتەوە "دەمەتەقێی باپیر و پیرۆت"، ناوی کەسی بەسەرەوە نییە، بەڵام شیعری هەژاری موکریانییە (١٩٢٠–١٩٩١)[٧]، پێشمەرگە پێناسەیە، پەندی پێشینان، چەپیك و جاشەکان- کێ جاشە و چەند جۆرە جاش هەیە؟"، "چیرۆکی ژمارە-هاوچەك لە برای هاوپشت دڵسۆزترە"، لە چیرۆکی ناکام دەچێت." کاروانی شەهیدان" ناسنامەی دوو شەهید تۆمارکراوە. "گۆشەی خلافان"، لەسەر شێوەی گۆڤارەکانی ناو شار ئەو گۆشەیەش بۆ پێشمەرگەکان داندراوە، کە وشەی تێك هەڵکێشی تێدایە. لاپەڕەکانی دیکەش پاشماوەی وتارەکانی پێشووە. (k21، ژ(٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل٩٩-١٠٧).

ژمارە (١٥)، ئەیلوولی ١٩٨٦ بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە: سەروتاری بەناوی "شۆڕشی ٧ ساڵەمان" بیرەوەری شۆڕشی ئەیلول، "جەژنی ئازادی" شیعر، "وتاری مەکتەبی سیاسی" لە ئاهەنگی (٢٣) ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان د. مەحموود عەلی عوسمان خوێندوویەتەوە، "لە یادی شۆڕشی ئەیلولی خوێناویدا"، "تیتل و ببیل" شیعری هەژاری موکریانی، "پێشمەرگەم بۆ کوردستان" شیعری مەلا گچکە، "گۆشەی شەهیدان" تەرخانکراوە بۆ شەهیدێکی ناوداری کوردستان "مەحموود کاوانی (١٩٢٦-١٩٦٢)، ٨ ی ئەیلوولی رۆژی بەربەرەکانی نەخوێندەواری"، "چیرۆکی ژمارە -پەشیمانی سەرەمەرگ"، چیرۆکی سەعید ناکام"، "گۆشەی خلافان". (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل١٠٨-١١٩).

دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (١٦)، تشرینی دووەمی ١٩٦٨، بە (٢٠) لاپەڕە دەرچووە: سەروتار بەناوی "رێگای هێنانەدیی ئامانجەکانی شۆڕشەکەمان"، "چیای کورد رەقە" شیعر، "وتاری سەرۆك بارزانی-کە لە بیرەوەری هەڵگیرسانی شۆڕش، کاك ئیدریس بارزانی خوێندیەوە"، "وتاری مەکتەبی سیاسی لە کۆبوونەوەی ١١ ی

ئەیلوولی-١٩٦٨ دا "خوێندراوەتەوە، وتارێکی درێژە، "یادی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی نەمر"(١٨٨١ -١٩٥٦)، "دەنگو باس" ئەو هەواڵانەی تایبەتن بە کورد لە وڵاتانی ئینگلتەرە، فەرەنسا و هەروەها لە بەغداش هەواڵی کودەتای ناو حکومەتی نووسیوە. "تۆڵە ئاوا ئەسێنرێت" وا دیارە چیرۆکێکە، کاروانی شەهیدان ئەمجارەش ژیاننامەی دوو شەهید لەخۆ دەگرێت، "دەستخۆش کاکی پێشمەرگە" کە باس لە چالاکییەکانی پێشمەرگە دەکات"، "فورسان فورسان ئەخوا!؟"، "ریپۆرتاج یادی حەوتەمین ساڵی شۆڕش "کە بەو بۆنەوە لەسەر پردی گەڵاڵە ئاهەنگێك بۆ ئەو یادە ڕێکخراوە، "چیرۆکی ژمارە -گوڵاڵە و بەکر" لە نووسینی سەعید ناکام، (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل ١٢٠-١٣٩).

ژمارە (١٧)، کانوونی دووەمی **١٩٦٩** بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە: سەروتاری ئەم ژمارە "پیلانی دوژمنی کەوتەڕوو"، "کوڕە کاژاوم" شیعری سەعید ناکام،"شۆڕش لە دەرەوە" باس لەو هەوڵ و تەقەلایانە دەکات لە دەرەوە بۆ ناساندنی شۆڕشی کوردستان، "سەنگی کوردستان لە تەرازووی گەلانا"، باس لە وتاری ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنسی بەناوی "مسیۆ ئەریك ڕۆلۆ" لە ڕۆژنامەی لۆموند دەکات، کە بە ڕێگای عێراقەوە هاتووەتە کوردستان، چاوی بە ناوچەکانی شۆڕش و مەلا مستەفا بارزانی کەوتووە، "حەرەس قەومیە خوێنڕێژەکانی **١٩٦٣** خەڵات کران"، "کاروانی شەهیدان"، "قوڕ بەسەر کەر، نەعلەت لە جاش، "ژمارەیەك چالاکی پێشمەرگە لەخۆگرتووە، "نازانم پێبکەنین یا پیش بخۆینەوە"، چیرۆکی ژمارە-"هەڵخەلەتاو" لە نووسینی سەعید ناکام، "پاوانا شێران" شیعری "سەبری بۆتانی"(**١٩٢٥- ١٩٩٨**) . (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل ١٤٠-١٥١).

ژمارە (١٨) مارتی **١٩٦٩** بە (١٨) لاپەڕە دەرچووە و لەسەری نووسراوە "چاپخانەی خەبات"، لەم ژمارەیەدا: سەروتاری بە ناوی "بەعسی یەمین و کێشەی کوردستان"، "کوردستان هی کورد"، شیعری سەعید ناکام، "لێرەو لەوێ" هەندێ هەواڵی پەیوەست بە کورد لە دەرەوەی کوردستان، "خزمەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی رزگارکراودا"، کە باس لە ڕەوشی تەندروستی و خوێندن و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵك کراوە، "کاروانی شەهیدان"، "ئامۆژگاری بۆ

پێشمەرگەکانمان"، "چلەی خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی" (١٨٩٦- ١٩٦٩)، "مەبەست"شیعری مەجید شێخ مەحموود-ناوپردان، "شین و شادی" شیعری سەبری بۆتانی-زاخۆ ١٩٦٣، "پێشینان وتوویانە"، "چیرۆکی ژمارە-"یەك لە چلان" "وەزعی ئێستای کوردستان" ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی تۆمار کردووە، "گەڕانەوە بۆ ڕیزی شۆڕش" ناوی ئەوانەی تێدایە کە هاتوونەوە ناو شۆڕش جا چ چەکداری کوردی حکومەت بن یان سەرباز لە سوپای عێراق. (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل١٥٢-١٦٧).

ژمارە (١٩)، نیسانی ١٩٦٩ بە (١٦) لاپەڕە، لە چاپخانەی خەبات دەرچووە. لەم ژمارەیەدا: سەروتار بە ناوی "لەنێوان دوو نەورۆزدا"، "لافاوی خوێنی" شیعری سەعید ناکام، "نامەی لیژنەی پشتگیری شۆڕشی کورد لە فەڕەنسا"، لیژنەکە لە کۆمەڵێك کەسایەتی بیانی لە وڵاتی جۆراوجۆر پێکهاتووە، "کێشەی کورد لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهاندا"، "وەزعی ئێستای کوردستان"، کارو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، "چیرۆکی ژمارە -دایکی پێشمەرگە". لە نووسینی سەعید ناکام، "هەنگاوەکانی شۆڕش لە ڕێبازی چەسپاندن و پێشکەوتنا"، باس لە تەندروستی و خوێندن کراوە. "کوتکی کاوە" شیعری هەژار، "ئولا ژ دەردان بەهێزترە" شیعری سەبری بۆتانی، "قوتابخانەی کادیرایەتی پارتی" باس لە ئاهەنگی دەرچوونی دەورەی یەکەمی قوتابخانەی کادیران دەکات لە ٢٠/ ٣/ ١٩٦٩. (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل١٦٨-١٨٣).

دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٢٠)، مایس ١٩٦٩، بە (١٨) لاپەڕە لە چاپخانەی خەبات دەرچووە. لەم ژمارەیەدا سەروتاری بەناوی "نابووتی ڕژێمیان بە هەڕەشە چار ناکرێت"، "بۆمبای ناپاڵم"، شیعری سەعید ناکام، تێکشکاندنی هێرشەکانی دوژمن لە ٢١/ ٣/ ١٩٦٩ تا ٥/١٥/ ١٩٦٩، "گۆشەی کاروانی شەهیدان"، "مەسئەلەی کورد لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دنیادا"، "یەکی ئایار"، کۆتایی هاتن بە جەنگی جیهانی دووەم"، "کیل براکن لە کوردستان" ئەندامی ئەنجومەنی لۆردات و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئیڤنینگ ستانداری ئینگلیزی) لە نیسانی ١٩٦٩ هاتووەتە کوردستان. "ئامۆژگاری بۆ پێشمەرگەکان"، "چیرۆکی ژمارە -زیانمان شەهیدێك بوو!" نووسینی

سەعید ناکام، "شۆڕشی کوردستان لە پێشکەوتندایە"، لێرەدا باس لە ئاهەنگی دەرچوونی دەورەی دووەمی بێ تەل و پێشکەوتنی شۆڕش لە رووی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و زانیارییەوە دەکات. "جووتێك برووسکە". (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤،ل ٢٠١-٢٠٢).

دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٢١)، حوزەیرانی ١٩٦٩، بە (٢٠) لاپەڕە لە چاپخانەی خەبات دەرچووە، لەم ژمارەیەدا: سەروتار "لە حوزەیراندا" باس لەو کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتووە لەم مانگەدا، "کێشەی کورد لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی عالەمیدا"، "ئامۆژگاری بۆ برا پێشمەرگەکانمان"، "کاروانی شەهیدان"، "ئەخباری کوردستان دێتەوە کۆڕی خەبات"، مەبەست دەرکردنەوەی ئەو بڵاوکراوەیەیە کە زیاتر تایبەتە بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بە کوردی و عەرەبی، "بۆیە ئەخوێنم".. شیعری شێخ رەئووف شێخ عارف قەرەداغی، "چیرۆکی ژمارە -تارمایی گۆڕستان" نووسینی سەعید ناکام، "تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن لە ١٩٦٩/٥/١٦ تا ١٠/٦/ ١٩٦٩". (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤،ل ٢٠٢-٢٢١).

دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٢٢)، تەمووزی ١٩٦٩ بە (١٢) لاپەڕە لە چاپخانەی خەبات دەرچووە لەم ژمارەیەدا: سەروتار "شۆڕشی تەمووزی پیرۆز و کودەتاکەی (١٧)ی تەمووز"، "کێشەی کورد لە چاپەمەنییەکانی جیهاندا"، "کۆنگرەی هەشتەمینی پارتی"، "کاروانی شەهیدان"، "دەربارەی وەزعی عەسکەری لە کوردستاندا"، پیرۆزبایی بە بۆنەی دەرچوونەوەی، "دەنگوباسی کوردستان"، کە تایبەت بوو بە وەزعی عەسکەری کوردستان، "ئامۆژگاری بۆ برا پێشمەرگەکان"، "شۆڕشی کوردستان لە پێشکەوتندایە"، باس لە خزمەتگوزاری تەندروستی، دەورەی یەکەمی مامۆستایان، ئاهەنگی دەرچوونی دەورەی دووەمی کادیران لە ١٨/ ٧/ ١٩٦٩ دەکات. "بەعسیەکان درۆ کاوێژ ئەکەنەوە"، "لەگەڵ گیانی پاکی کاك عەزیز ئەتروشیدا"، وتارێکی یادەوەری درێژە بۆ ئەو شەهیدە دیارەی شۆڕش نووسراوە. "سەرکەوتنێکی عیلمی بێ هاوتا" باس لە هەواڵی چوونە سەر مانگ دەکات لەلایەن هەردوو کەسی ئەمریکی بە ناوەکانی ئولدرن و ئارمسترۆنگ لە ٢٠/ ٧/ ١٩٦٩، "ئامۆژگاری" شیعری سەبری بۆتانی، "پێشمەرگەی کۆڵنەدەرم". (k21، ژ (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل٢٢٢-٢٣٣).

دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٢٣)، ئەیلوولی ١٩٦٩، بە (٢٠) لاپەڕە لە چاپخانەی خەبات دەرچووە. لەم ژمارەیەدا: "بیرەوەری (١٦)ی ئاب ئەبێ چاکترین هاندەرمان بێت لە خەباتی سەختماندا"، "کێشەی کورد لە رۆژنامە و بڵاوکراوە نیشتمانییەکانی عێراقدا"، "لەبڕشتەکانی شۆڕش-ئاهەنگی دەرچوونی یەکەم دەورەی مامۆستایان"، "یادە پڕ لە ناسۆرەکانی رۆژی رەشی شەشی ئەیلوول"، "گۆشەی کاروانی شەهیدان"، "ئامۆژگاری بۆ برا پێشمەرگەکان"، "چیرۆکی ژمارە -با کوردانە بمرین!"، چیرۆکێکی شانۆگەرییە "باری سوپایی لە کوردستانا"، باس لە دۆخی سوپایی عێراق لە کوردستاندا دەکات، "شڤان"، شیعری سەبری بۆتانی، "سڵاو لە یانزەی ئەیلوول" شیعری سەعید ناکامە، "کێشەی کورد لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهانا"، "خەباتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا"، باسی بەشداری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەکات، کە وتاری لە کۆنگرەی ئاشتیخوازانی جیهاندا خوێندووەتەوە. (k21، ژ(٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل٢٣٤-٢٥٣).

دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٢٤)، تشرینی دووەمی ١٩٦٩، بە (٢٨) لاپەڕە لە چاپخانەی خەبات دەرچووە. لەم ژمارەیەدا سەروتار "بە شەڕی کوردستان بەعسیەکان گۆڕ بۆ خۆیان هەڵئەکەنن"، "کێشەی کورد لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهاندا"، "هەیئەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرهەمی تێکۆشانی گەلانە"، "کاروانی شەهیدان"، "وەزیری دەرەوەی ئایسلەندا لە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کورد ئەکاتەوە"، "هەندێك لەو بڕیارانەی چوارەم کۆنگرەی ساڵانەی خوێندکارانی کورد لە ئەمریکا داویانە"، "ئامۆژگاری بۆ برا پێشمەرگەکان"، "شۆڕشی کوردستان لە پێشکەوتندایە"، باس لە دەورەکانی مامۆستایانی کوردستان کە لەو ساڵەدا کراونەتەوە دەکات، هەروەها باس لە کردنەوەی قوتابخانە لە ناوچە رزگارکراوەکانی شۆڕش و بواری تەندروستی لە دوو مانگی ئاب و ئەیلوولدا دەکات، کە (٥٢٤٨٦) نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی شۆڕشیان کردووە. "کۆنگرەی ١٣ هەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا"، ئەو کوشتارە دڕندانەی کە لە (داکا) و (صوریا) کرا، کە دوو گوندی کوردستانن، (داکا) لەسەر زێی خازر لە قەزای شێخان لە رۆژی ١٨ ی ئابی ١٩٦٩ ئاگریان تێبەردا و (٦٧) کەس

لە ژن و منداڵ و یەك پیرەمێردی نۆهەد ساڵە بوون، گوندی (صوریا)ش كە زۆربەی مەسیحین لە گوندی فیشخابوور لە قەزای زاخۆ لە رۆژی ١٦ ی ئەیلوولی ١٩٦٩ هەموو خەڵكی گوندیان كۆكردووەتەوە بە گوللە هەموویان كوشتوون، ژمارەیان (٣٤) كەس بووە. "بۆچی ئەبێ جاش بچێ بەگژ پێشمەرگەی كورددا؟، "چیرۆكی ژمارە - (پاك لە پاك)"، نووسینی سەعید ئاكام، "كورتە دەنگوباس" هەواڵی جۆراوجۆری دنیا و عێراق، "قەلەنی گران" شیعری سەبری بۆتانی. (k21، ژمارە (٢٠)، كانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل٢٥٤-٢٨٣).

ئاڵای شۆڕش: رێكخراوێكی سیاسی بووە، لە ناوەڕاستی هاوینی ١٩٨٥ لە كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان-یەكێتی نیشتمانی كوردستان جیابوونەوە، ئەندامە دیارەكانیان ئەمانە بوون: مەلا بەختیار، موحسین عەلی ئەكبەر، مەحموود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی، حاجی مەمۆو پشكۆ نەجمەددین بوو، تا بەهاری ١٩٩٢ بەردەوام بوون، دواتر لەگەڵ حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان تێكەڵ بوونەوە و دواتریش هەندێكیان چوونەوە ناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان. (ئەسەسەرد، ٢٠١٦، ل٤٥-٤٦). ئەم رێكخراوە چەند بڵاوكراوەیەكی دەركردووە لەوانە ئاڵای شۆڕش،... هتد. كۆمیتەی هەولێریش ئەم گۆڤارەیان دەركردووە.

٤ـ ئاسۆی كرێكار- ١٩٨٩:

رۆژنامەیەكە كۆمیتەی رێكخستنی شارەكان سەر بە ئاڵای شۆڕش دەری كردووە، ژمارە (١)ی لە ئابی ١٩٨٩ بە تیراژی (١٥٠) دانە و ژمارە (٢) لە ئەیلوولی ١٩٨٩ و ژمارە (٣)ی لە كۆتایی تشرینی یەكەمی ١٩٨٩، ئەو ژمارەی دوایی بەر لە بڵاوكردنەوەی بە بەستراوی كەوتووەتە دەست دائیرەی ئەمنی هەولێر. (حەسەن، چەند لاپەڕەیەكی شاراوە لە خەباتی هەرە سەختی ئاڵای شۆڕشدا- ئاسۆی كرێكار، k21، ژمارە (١٥)، خولی دووەم، ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢، ل٤٢٩ـ ٤٣٤).

ئەم رۆژنامەیە لە هەلومەرجێكی سیاسی و سەربازیی زۆر سەخت دەرچووە، لەدوای ئەنفالەكان و لەسەر بنەمای بیرۆكەی كادیرێكی سەركردایەتی ئاڵای شۆڕش بەناوی لوقمان محەمەد ئەمین عەلی (كاروان) و قەناعەتی تەواوی ئەندامانی

کۆمیتەی هەولێری ئاڵای شۆڕش دەرکراوە. لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دووچاری شکست هاتووە و ڕەشبینی باڵی بەسەر خەڵکی کوردستاندا کێشابوو، ناوی (ئاسۆی کرێکاری)یان هەڵبژاردووە بۆ رۆژنامەکەیان. ئەمانەی دەوریان لە دەرکردنیدا هەبووە وێڕای لوقمان محەمەد ئەمین، کامەران عەزیز و ئاسۆ حەیدەری، تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی رێکخستنی "ئاڵای شۆڕش" بەشداربوونە کە ئەمانەن: حەسەن عەبدوڵڵا حەسەن "رابەر بەکر"، حەسەن یاسین "هاوڕێ صادق"، ئەیوب عەبدولکەریم "پشکۆ یان لاوە"، د. شوان محەمەد خدر "گاوان خدر"، خەلیل ئەحمەد نازەنینی، رێبین محەمەد. (حەسەن، چەند لاپەڕەیەکی...، k21، ژمارە (١٥)، خولی دووەم، ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢،ل ٤٣١-٤٣٢).

سەبارەت بە چاپکردنیشی بە تایپێکی ئاسایی فارسی و رۆنیۆیەکی دەستکردی زۆر سەرەتایی ناویان لێناوە "رۆنیۆ تصنیع ئاڵای شۆڕش" کە سێ کەس کاریان لەسەر کردووە: خونچە وسوو سلێمان، زەینەب عەبدوڵڵا حەسەن و حەسەن عەبدوڵڵا حەسەن بەگشتی بابەتەکانی لەبارەی کرێکاران و هەواڵی کرێکاری لە جیهان و بارودۆخی کوردستان لەدوای ئەنفالەکان و شیعرو پەخشان و وتاری سیاسی و رێکخراوەیی و وەستانی شەڕی عێراق- ئێران و تێکدانی هەندێ گەڕەك لە شارەکانی کوردستان و یادی شەهیدان و... هتد. لەبەرئەوەی بەشدارێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆی ئەم کارە بابەتێکی رێکوپێکی لەبارەیەوە نووسیوە بۆیە، بەو هەندە وازمان هێنا. (k21، ژ (١٥)، خولی دووەم، ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢،ل ٤٣١-٤٣٢).

بێگومان ئەمەش لاپەڕەیەکی گەشی مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی و نهێنیی چەپ بە تایبەتییە، کە ڕۆڵەکانی شاری هەولێر لە بارودۆخێکی یەکجار سەخت لەو ڕۆژگارەدا بە ئەوپەڕی بڕوا بەخۆ بوون و کۆڵنەدەرانە بەرەنگاری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دوژمن بە ئازادی و سەربەخۆیی کورد درێژەیان بە خەبات داوە و هەندێکیان بوونەتە قوربانی و گیانی خۆیان لە پێناو داناوە و هەندێکیشیان ڕاپێچی زیندان کراون.

ـ رۆژنامە و گۆڤارە ئاشکراکان:

گۆڤاری k21 وەك زۆربەی بوارەکانی دیکە بایەخی تایبەتی بە لایەنی رۆژنامەوانی داوە، جا چ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە دێرین و دەگمەن و کەم ناسراوەکان یان بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و وتاری جۆراوجۆر لە بارەی گۆڤار و رۆژنامەکان.

لەم رووەوە گۆڤاریk21 ژمارەیەك گۆڤارو رۆژنامەی لەو چەشنەی شاری هەولێری لەسەر لاپەڕەکانی بە بایەخەوە بڵاوکردووەتەوە، بۆ زیاتر ئاشناکردنیان لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

أ ـ رۆژنامەی هەتاو-١٩٤٨:

ئەم رۆژنامەیە یەکەمین رۆژنامەی شاری هەولێرە، "ژمارە (١)ی ساڵی (١) لە رۆژی شەمووە، ١١ ی ئەیلوولی ١٩٤٨ بەرانبەر ٨ ی ناوجەژنان **١٣٦٧** ی کۆچی، وەك رۆژنامەیەکی کوردی و ئەدەبی و کۆمەڵییە"، دەرچووە. (هەتاو، ژ (١)، ١١ ی ئەیلوول ١٩٤٨، ل١؛ تاکە ژمارەی (هەتاو)ی ١٩٤٨. (k21، ژ (١٠-١١)، ٢٢/ ٤/ ٢٠١١، ل٤٩٤-٤٩٧).

لە ناوەڕاستی لاپەڕە (١) ناوی رۆژنامەکە لەناو لاکێشەیەك بە خەتێکی فارسی جوان لەلایەن خۆشنووسی ناوداری کورد ئەمین یومنی نووسراوە. لای راستی نووسراوە: خاوەندی ئەمین رواندزی[٨]. بەڕێوەبەری بەرپرس پارێزەر ناجی[٩]، پەیام [ناوونیشان]: هەولێر (أربیل) (هەتاو)، هەرچی بنووسێ و نەنووسرێ نادرێتەوە، واتە (هەرچی بڵاوبکرێتەوە و بڵاونەکرێتەوە نادرێتەوە). لەلای چەپیش: ئابوونەی ساڵانە بۆ ناو شار دینارێك و بۆ دەرەوەش دینارێك و دوو سەدو پەنجا فلسە و ئیعلانات بۆ لاپەڕەی دوایی کرێی بە دوو سەد فلسە، لە ناوەڕاستی نووسراوە: دانەی بە ١٠٠ فلسە و هەفتەی جارێك دەردەچێ. (هەتاو، ژ (١)، ١١ ی ئەیلوول ١٩٤٨، ل١)

لاپەڕە (١): دوو بابەتی تێدایە، سەرەتا (سەروتار) تێدا دەڵێت: ئێمە کوردی دڵپاك، هەر کارێك بکەین دەبێ بە ناوی خوا و پێغەمبەر (د. خ) دەستی بدەینێ... دەمێکە پێویستمان بە رۆژنامەیەك بوو، نەخوازە کە لە پارێزگا (لیوا)کانی عێراقەوە

لانی کەم یەك دوو رۆژنامەیان هەبوو، "کوێرایی بە چاوما دەهات، بۆ چ غەزەتەیێك لە هەولێردا نەبینم؟"... بەمەبەستی دەرخستنی لایەنی باشە و خراپە و پێداویستی کۆمەڵایەتی خەڵك و میللەت و ناتەواوی و کەموکورییەکانی بگەیەنێتە شوێنی خۆی..."، بەڵێ هەر قەومێ جەریدەیێکی نەبێ زبانی نییە. کە بەستەزبان بوو، هاواری نەکرد، دیارە هەر بەش خوراو و نان بڕاو ئەبێ!... رۆژنامەکەمان جیاوازی ناکات... لایەنگیری یەکێتی و یەك ئاینی و برایەتی... داوا دەکەین زیاتر بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری بدەن... "شیعرو ئەدەبیات بە زگی برسی ناخوێنرێتەوە"،... هەولێر لە تەواوی عێراقدا بە دانەوێڵە ناوی دەرکردووە و بایی سێ ساڵ دانەوێڵەی هەیە، کەچی گرانییە، تکایە ئەم مەتەڵەمان بۆ هەڵبێنن. (هەتاو، ژ (١)، ١١ ی ئەیلوول ١٩٤٨، ل١).

هەر لەو لاپەڕەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی رۆژنامەکە، پاکی قەڵەم، دوور لە مەبەستی تایبەتی کەسی، دوور لە سیاسەت، لەبەرئەوەی ودمی نووسینی سیاسیمان نییە، وتاری سیاسی بڵاوناکەینەوە، بایەخدان بە ژیان و بەرهەمی شاعیران. (هەتاو، ژ (١)، ١١ ی ئەیلوول ١٩٤٨، ل١).

لە لاپەڕە دوودا: ئامۆژگاری ئایینی شیعری پیرەمێردە (١٨٦٧ -١٩٥٠) وەك پەندی پێشینان لە ژین بڵاوکراوەتەوە. (بابی لالۆ، ٢٠٠٤، ل٤٥٢-٤٥٣).

لاپەڕە (٢-٣): پەخشانێکی رۆژنامەوانییە بەناوی (ئەحەی جاو) بڵاوکراوەتەوە، کە بەلای بابی لالۆ دەبێ هەر (پیرەمێرد) بێت. هەر لەو لاپەڕەیە شیعرێکی (نالی) بڵاوکراوەتەوە (هەتاو، ژ (١)، ١١ی ئەیلول ١٩٤٨، ل٣؛ بابی لالۆ، ٢٠٠٤، ل ٤٤٠-٤٤١).

هەر لە لاپەڕە (٣)دا وتارێکی پیرەمێرد بەناوی (لە هەولێر کۆنتر) بڵاوکراوەتەوە، لەو وتارەدا پیرەمێرد نووسیویە: "دیارە هەولێر لە هەموو شوێنێك کۆنترە، کەچی من لە هەولێر کۆنترم. بۆ ئەوەی درۆی تیا نەبێ، ئەبێ بڵێم لە هەولێری خوارەوە کۆنترم! بەڵێ کاتێ من ئاموشۆی هەولێرم ئەکرد، تەنها هەولێری ناو قەڵاو ئەم هەولێرەی ئێستە کە سەرا و قشڵە و بازاڕو نادی و باغ و باخچەی تیایە، شانی نەبوو. تەنها لە خوارەوە هاوینان چەند کەپرێکیان لێ ئەبەست، قاوەخانە و میوە فرۆشی لەژێردا

دائەنیشت. ڕێبوار کە لەم لاوە ئەچوون بۆ مووسڵ یا لەولاوە ئەهاتنەوە و ئیشیان بەناو شار و قەڵا نەبوو، لەوێ ئەحەسانەوە".

لەلاپەڕە (٤)دا بەناوی "لاپەڕەیێك لە تەئریخی ئەدەبی کوردیی مەلا مستەفای بێسارانی پایەی لە شیعر و ئەدەبا" لە نووسینی گۆران شیعرەکانی مەولەوی و بێسارانی بە هەورامی و کرمانجی خواروو بڵاو کردووەتەوە و دواتریش باسی کردوون. (هەتاو، ژ (١) ئەیلوول ١٩٤٨، ل٤).

بەلای (بابی لالۆ)ی لێکۆڵەر زۆربەی زۆری بابەتەکانی ڕۆژنامەکە (پیرەمێرد) نووسیویەتی و هەروەها هەر لە هەمان چاپخانەی (ژین)ی پیرەمێرد چاپکراوە و هەر بەتەنیا خۆشی هەواڵی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی (ژین) بڵاوکردووەتەوە. (بابی لالۆ، ٢٠٠٤، ل ٤٥١-٤٨٨).

ئەوەی جێی سەرنجە، وەك (بابی لالۆ) دەڵێ، کە پیرەمێرد لە پشت دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە بووبێت، بۆ چ گلەیی لە گۆران (١٩٠٥-١٩٦٢) دەکات وەك نووسیویە: "... بەڕاستی سەراپا غەزەتەکە جوانە"، بەڵام "گۆران" تەمەڵ و کەم توانە، ئەگینە لەم دەورەدا "گۆران" چ ئیحتیاجێکی بە "بێسارانیە"، چیی لەو کەمترە؟!".

ب ـ الثقافة (ڕووناکبیری):

بڵاوکراوەیەکی فێرگەییە، لیژنەی زمانی عەرەبی لە قوتابخانەی سەرەتایی موزەفەرییەی کوڕان لە هەولێر لە ساڵی خوێندنی ٩٥٧-٩٥٨، ژمارە (١)ی ساڵی (١)ی لە نیسانی ١٩٥٨ بە زمانی عەرەبی دەرچووە. حەننا عەبدولئەحەد ڕوفۆ مامۆستای زمانی عەرەبی ڕێبەری بڵاوکراوەکە بووە و لیژنەی دەرکردنی بڵاوکراوەکە (دە) قوتابی هەر دوو پۆلی پێنجەم و شەشەم بوونە: حەسەن عەبدوڵڵا پۆلی شەشەم پزیشکی پسپۆر (لە لەندەن نیشتەجێیە). زەکەریا سلێمان پۆلی شەشەم ئەندازیاری شارستانی- هەولێر. ڕزگار عەبدولڕەحمان پۆلی شەشەم دکتۆر- ئەکادیمی- ئەورووپا. عەهدی عومەر ڕازی پۆلی شەشەم کۆچی دوایی کردووە. فاروق حوسام پۆلی شەشەم کاسب. جەوهەر حەیدەر پۆلی شەشەم عەقیدی خانەنشین. بورهان حوسێن پۆلی شەشەم مامۆستای خانەنشین. کامیران دەباغ پۆلی شەشەم پزیشکی پسپۆر-

ئەوروپا. دلاوەر سابیر پۆلی پێنجەم دکتۆری زانکۆ-ئەوروپا. عەبدوللەتیف حەسەن پۆلی پێنجەم فیزیایی.

بەرگی گۆڤارەکە بە نەخش و نیگار ڕازاوەتەوە و لە ناو لاکێشەیەك بە لاری وشەی (الثقافة) بە گەورەیی نووسراوە و هەموو بڵاوکراوەکە بە دەست نووسراوە و دیارە بە رۆنیۆ راکێشراوە و دەستخەتەکەشی زۆر جوانە، ئەم دانەیە لەلایەن (هادی ئەحمەد خدر) پێشکەشی گۆڤاری k21 کراوە. لە روونکردنەوەیەکدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو دانەیە بە خەتی مامۆستای زمانی عەرەبی نووسراوە و رەنگە تاقە دانەش بێت تا ئێستا مابێت. (k21، ژ ٥-٦، ٢٠٠٩، ل ٥٤٢-٥٤٣).

ناوەرۆکی بڵاوکراوەکە، بەم شێوەیە: (آثار العلم وفوائده (شوێنەواری زانست و سوودەکانی): لە نووسینی حەسەن عەبدوڵڵا. بلادي (وڵاتەکەم): نووسینی عەبدوللەتیف حەسەن. في مدرستي (لە قوتابخانەکەم): لە نووسینی فاروق حوسام. الرفاق والاصدقاء (هاوڕێ و برادەر): لە نووسینی زەکەریا سلێمان. من دفاتر الانشاء طلاب الصف السادس (لە دەفتەرەکانی داڕشتنی قوتابیانی پۆلی شەشەم). المطالعة وفوائدها (خوێندنەوە و سوودەکانی): نووسینی عەهدی عومەر رازی. قصة العدد/الاخلاق الفاضلة (چیرۆکی ژمارە/ ڕەوشتی بەرز): لە هەڵبژاردنی قوتابی پۆلی شەشەم بورهان حوسێن. لا تكونن على الإساءة أقوى منك على الإحسان (وا مەکەن هەر لەسەر خراپە بەهێزتر بن لەچاو چاکە): لە نووسینی دلاوەر سابیر. نصيحتي (ئامۆژگاریم): لە نووسینی رزگار عەبدولرەحمان. أقبل الربيع (بەهار هات): لە نووسینی کامیران دەباغ. اخي (برایەکەم). اخبارنا المدرسية (هەواڵەکانی قوتابخانەمان). للتسلية (بۆ کات بەسەربردن): کۆکردنەوەی قوتابی جەوهەر حەیدەر. (الثقافة، العدد الاول، نيسان ١٩٥٨، ص٢-٩؛ k21، ژ٥-٦، ٢٠٠٩، ص٥٤٤-٥٥١).

بەگشتی بڵاوکراوەیەکی رێکوپێکە و نەخشەسازیی جوانی بە دەستی بۆ کراوە و بۆ پۆلی شەشەم، دەبێ بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە و شیعرانە، دەستی مامۆستای زمانی عەرەبی ڕێبەری بڵاوکراوەکەی لەپشت بێت، ئەمە وەك چالاکییەکی ڕووناکبیریی ڕۆژنامەوانی کارێکی بە بایەخە بۆ فێرکردنی قوتابییەکان و ڕاهێنانیان

لەسەر نووسین، بۆیە مامۆستا حەننا وەك مامۆستایەكی دڵسۆز و چالاك مایەی دەستخۆشی و پێزانینە.

ج ـ ژیان (١٩٥٩):

گۆڤارێكی وێژەیی كۆمەڵایەتی قوتابیانە و ژمارە (١)ی ساڵی (١) یەكێتی قوتابیانی گشتی لە هەولێر دەری كردووە. (ژیان: ژ ١، س ١، ١٩٥٩). وەك لە لێكۆڵینەوەیەكدا كە بۆ ئەو گۆڤارە كراوە لە كانوونی یەكەمی **١٩٥٩** دەرچووە هەر تەنها ئەو ژمارەی لێ دەرچووە. (حەسەن، "ژیان" كەی دەرچووە؟،K21، ژمارە (٧)، ٢٠١٠، ل١٥٩). ئەم گۆڤارە یەكەم گۆڤاری قوتابیانەیە لە هەولێر و (٣٣) لاپەڕەیە و بە چاپێكی جوان و دەرهێنانێكی رێكوپێك لە چاپخانەی (ژین) لە سلێمانی چاپكراوە.

بابەتەكانی ناو گۆڤارەكە بەم جۆرەیە: پێشەكی دەستەی نووسەران، ل٤-٥. ژیان سەلاح شێردڵ، ل٦-٩. ئەدەبیاتی بێگانە: ئاخافتنی گوڵ و گۆڕ ڤكتۆر هۆگۆ، وەرگێڕانی: نامق عەبدوڵڵا، ل١٠. دەوری قوتابیان لە پاراستنی جمهوریەت سەلاح سەعید، ل ١١ – ١٣. گوڵی من (شیعر) كەمال غەمبار، ل١٤ – ١٥. ڕۆژنامە و گەل عەبدولسەمەد محەمەد ئەمین، ل ١٦ – ١٨. سەربەستی و ئازادی عەبدولوەهاب عەبدولرەحمان، ل ١٩ – ٢٠. میهرەجانی ئاشتی و دۆستایەتی ل ٢١ – ٢٥. ئاشتیمان ئەوێت عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمین، ل ٢٦ – ٢٨. كۆنگرەی مامۆستایانی كورد لە شەقڵاوە موهیب حەیدەری، ل ٢٩ – ٣٢. لەم ژمارەیەدا ل٣٣. (ژیان، ژ (١)، ١٩٥٩، ل١-٣٣؛ k21، ژ (٧)، ٢٠١٠، ل ١٦١-١٩٢)

ئەوەی جێی سەرنجە دوو بابەت خاوەنیان هەیە و لە پێڕستدا هەن و لە ناوەڕۆك نین كە ئەمانەن: خوێنێكی سوور و گەش عادل موختار و بانگێك بۆ قوتابیانی كۆیە. (ژیان، ژ(١)، ١٩٥٩، ل٣٣). لە پێشەكیدا ئاماژە بەوە كراوە كەوا بە ئامانجی خزمەتكردنی زمان و ئەدەبی كوردی و هێنانە كایەی بزووتنەوەیەكی ئەدەبی لەناو توێژی قوتابیان دەستیان داوەتە دەركردنی ئەم گۆڤارە. (ژیان، ژ(١)، ١٩٥٩ل٤؛ k21، ژمارە (٧)، ٢٠١٠، ل١٦٣).

بێگومان دەركردنی گۆڤارێك تایبەت بە قوتابیان كارێكی تا بڵێی دروست و پێویستە بەتایبەتیش بۆ ئەو رۆژگارە و بە زمانی كوردی لە شاری هەولێریش ئەوە هەر

زۆر بەرزترە و هەنگاوێکی زۆر بایەخدارە. ئەوانەی بەشداری گۆڤارەکەیان کردووە، دیارە هەموویان ئەندامی یەکێتی قوتابیانی گشتی لە هەولێر بوونە کە سەر بە حزبی شیوعی عێراق بووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە مامۆستا کەمال غەمبار لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ غازی حەسەندا دەڵێت، خۆی هەمەکارەی گۆڤارەکە بووە. (k21، ژ (٧)، ٢٠١٠، ل١٥٦). بەڵام لە بەدواداچوونێکی گۆڤاری (k21)دا بە ئیمزای مومتاز حەیدەری و بەناوی "سەرنجێك لەمەڕ.. باسەکەی مامۆستا غازی حەسەن: ژیان کەی دەرچووە؟، ئاماژە بە هەندێ لە ناوەکان دەکات کە جموجوولی رۆشنبیرییان هەبووە، وەك ئەندامی پێشکەوتووی قوتابیان و حزبی شیوعی عێراق و پێی وایە ڕەنگە کوردییەکانیان لاواز بووبێت، کەمال غەمبار بۆیانی چاك کردبێتەوە". (م. حەیدەری، سەرنجێك لەمەڕ...، k21، ژ(٧)، ٢٠١٠، ل١٦٠). بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەمال غەمبار جارێکی دیکە لە ژمارەی دواتری گۆڤاری (k21)دا (روونکردنەوەیەکی پێویست)ی داوە و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە نووسینەکان هەمووی ئەو نووسیویەتی و بەناوی ئەوانەوە بڵاوی کردوونەتەوە، تەنانەت کەمێك دەستکاری شێوەکەی (فەرهاد عەونی)یشی کردووە. (غەمبار، روونکردنەوەیەکی پێویست، k21، ژ (٨)، ٢٠١٠، ل٢٤٥).

لە کورتە سەرنجێکی م. حەیدەریش ئاماژە بەوە دەکات کە (٨) لاپەڕەی گۆڤارەکە لە کۆمپیوتەر دەرنەچوون. (k21، ژ(٨)، ٢٠١٠، ل٢٤٥). لەبەرئەوەی غازی حەسەن لەمەڕ گۆڤارەکە دواوە و زانیاریی وردی ساخکردووەتەوە، بۆیە خوێنەر و توێژەران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ گۆڤاری K21، لەم بارەیەوە. (حەسەن، ژیان کەی دەرچووە؟، k21، ژ (٧)، ٢٠١٠، ل١٥٢-١٦٠).

بڵاوکردنەوەی دەقی گۆڤارەکەش لە هەمان کاتدا کارێکی دروست و لە شوێنی خۆیەتی، لەبەرئەوەی دەگمەنە، ئەمەش سەروەرییەکی گۆڤاری (k21). (ژیان، ژ (١)، س(١)،١٩٥٩، ل ١-٣٣؛ k21، ژ (٧)، ٢٠١٠، ل ١٦١-١٩٢).

د ــ ریژنە (١٩٧٠-١٩٧١):

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ٢٨/ ٢/ ١٩٦٢ دامەزراوە، بەهۆی بارودۆخی شۆڕشی کوردستان، ئەم ڕێکخراوەش وەك تەواوی ڕێکخراوەکانی دیکە بە نهێنی

کاریان کردووە. هەر لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ١٥/ ٥/ ١٩٦٢ بڕیاری دامەزراندنی لقەکانیشی دا. (حاجی، ١٩٩٨، ل٣-٣٤).

لقی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە هەولێر لە دوای کۆنگرەی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٢ دامەزرا و عەلی هەژار[١٠]. سەرۆك بووە و بڕیاری داوە بڵاوکراوەیەك بەناوی (دەنگی مامۆستا) لە شێوەی گۆڤار دەربکەن و بە دەست نووسراوەتەوە و بە رۆنیۆ راکێشراوە و بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە و چەند ژمارەیەکیان لێ دەرکردووە.

لە دوای ١١ ی ئاداری ١٩٧٠، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ٥ ی ئابی ١٩٧٠ کۆنگرەی سێیەمی بەست، دوای پێکهێنانی مەکتەبی سکرتاریەت لە (٢١) ئەندام، لقەکانیش دامەزران و لقی هەولێر لەمانە پێکهاتووە: ئیسماعیل عومەر سنجاوی سەرۆکی لق. عوسمان حەسەن دزەیی سکرتێر. ئەحمەد گەرۆتەیی ئەندام. لەشکری یابە ئەندام. حەننا شابۆ پەترۆس ئەندام (حاجی، ١٩٩٨، ل٤٧، ٥٣، ٥٦).

لەو بارودۆخە نوێیە، دەرفەت زیاتر رەخسا بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە بە زمانی کوردی. بۆ ئەمەش یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقەکانی لە شارەکانی کوردستان کردەوە، لقی هەولێریش دەستی بە چالاکی کردەوە و یەکێك لە چالاکییەکانی دەرکردنی بڵاوکراوەیەك بووە بە ناوی "رێژنە" وەك بڵاوکراوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی و رامیاریی مانگانە، بە دەست نووسراوەتەوە، سەرنووسەری عەلی هەژار، دەستەی نووسەرانیشی ئەمانە بوون: عەزیز شوان (١٩٤١ -٢٠٠٣)، محەمەد مەلا قادر (١٩٣٤-٢٠١٩)، مەجید ئاسنگەر (١٩٣٢-٢٠١٢)، کەمال عەبدولقادر، بەشیر حوسێن سەعدی بوونە، و وتارەکانیش ئەوانە و کۆمەڵێك مامۆستای نووسەری دیکە نووسیویانە. "لەشێوەی نامیلکەیەکی بچووك چاپکراوە و بە نهێنی و شاراوەیی لەبەر بار و زرووفی ئەوسای حوکم". (حەمەد، ١٩٩٨، ل١٠٨).

ژمارە (١)ی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٠ و ژمارە (٢)ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ و ژمارە (٣)یشی لە کانوونی دووەمی ١٩٧١ لەسەر شێوەی مەلزەمە و بە دەستخەت نووسراوە و بە رۆنیۆ راکێشراوە. (دەقی هەر سێ ژمارەی رێژنە وەکو خۆی بڵاو دەکرێتەوە، k21، ژ(٧)، ٢٠١٠، ل ١٩٣-٢٣٤).

ئەوەی سەرنجە (رێژنە) لە کەشوهەوای دوای ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ دەرچووە، کەچی دەڵێت "بە نهێنی و شاراوەیی..." بڵاوکراوەتەوە. وا دیارە ژمارەکانیان نەبینیبێت...!

ئەم بڵاوکراوەیەش لاپەڕەیەکە بۆ سەر مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی بە گشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی، بەبڵاوکردنەوەی لەسەر لاپەڕەکانی، k21، لە فەوتان رزگاری بووە.

هـ ـ یاخی بوون ـ ١٩٧٣:

ئەم بڵاوکراوەیە دەستنووس بووە و لە ساڵی ١٩٧٣، کۆمەڵێك لاوی خوێنگەرم دەریان کردووە و لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: "بەرهەمی دەستەی یاخی بوون-هەولێر"، "لیستەی ئەدەبی شۆڕشگێڕی کوردییە"، "بیری نوێ و وتەی نوێ کرداری نوێ"، "ژمارەی یەکەم- مارت/ ١٩٧٣"، سەرۆك نووسەر دڵشاد کوردۆ، سکرتێری نووسین شێرزاد رەنجەڕۆ، دەستەی نووسەران صبحی کۆیی، شێرزاد مەند". (عوبێد، بڵاوکراوەی دەستنووسی "یاخی بوون"، لە هەولێر ـ ١٩٧٣؛k21، ژ (٧)، ٢٠١٠، ل١٣٧).

لە کەشوهەوای دوای رێککەوتنی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠، جۆرێك لە ئازادی بیروڕا و گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی و بیری نوێخوازی لەو رۆژگارەدا لە برەودان بوون، وەك رەنگدانەوەی هەوارێکی نوێ لە مێژووی نەتەوەی کورد. وێڕای ناتوانایی دارایی و نەبوونی پشتگیریی پێویست، ئەو کۆمەڵە لاوە بە پشتبەستن بە ورە و پشت قایمی بە ئامانجە پیرۆزەکانیان پەنایان بردووەتە بەر هونەرەکانی نووسین.

لەم توێژینەوەیە زۆر بەکورتی ئەم بڵاوکراوەیەمان ناساند چونکە توێژینەوەیەکی درێژترمان لەبارەی ئەم بڵاوکراوەیە نووسیوە، لێرە بە پێویست نەزانرا جارێکی دیکە دووبارەی بکەینەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکرێ، هەموو نووسەرەکانی ئەم بڵاوکراوەیە خەڵکی هەولێر بوون، جگە لە حەمید رێبوار کە خەڵکی شاری کەرکوك بوو، بەڵام بەماڵەوە لە هەولێر لە گەڕەکی سێتاقان دەژیان. بێگومان ئەم بڵاوکراوەیەش لاپەڕەیەکی پڕ سەروەریی ئەم شارەیە لەو رۆژگارەدا و دەکەوێتە خانەی مێژووی رووناکبیریی- رۆژنامەوانی کوردی. (عوبێد، بڵاوکراوەی دەستنووسی (یاخی بوون) لە هەولێر-١٩٧٣؛ k21، ژ (٧)، ٢٠١٠، ل١٣٧-١٥٤).

و ـ ڕۆشنبیر-١٩٧٣:

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، لە ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا، وەك بەرهەمی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دامەزراوە و. لە ١٩ ی حوزەیرانی ١٩٧٠ مۆڵەتیان لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە. ساڵح یوسفی (١٩١٨-١٩٨١) سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە بووە و لە حوزەیرانی ١٩٧١ یەکەم ژمارەی گۆڤارێکی دەوڵەمەندیان بە ناوی (ڕۆژی کوردستان ـ شمس کردستان). بە ناوەڕۆك و بە شێواز و نەخشەسازییەکی پێشکەوتوو دەرکرد. ئەم کۆمەڵەیە بۆی هەبوو لە شارەکانیش لقی خۆی بکاتەوە. یەکێك لەو لقانە لقی هەولێر بووە، کە لە ڕۆژی ١٠ ی شوباتی ١٩٧٢ لە هەولێر کۆنگرەی دامەزراندنی یەکەمیان بەستووە و پاشان دەستەی کارگێڕییان هەڵبژاردووە و (١١) کەس دەرچوونە. ئەم لقە گۆڤارێکی بەناوی "ڕۆشنبیر" وەك پاشکۆی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان ــ شمس کردستان)، وەك گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەرکردووە. ڕۆشنبیر ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٣ لە ناوەڕاستی ئەو ساڵە دەرچووە و دەستەی نووسەرانی ئەمانە بوون: عەبدولرەزاق بێتووشی سەرۆکی نووسین، سکرتێری نووسین ئەحمەد شەریف و دەستەی نووسەران: مومتاز حەیدەری، سامیە شاکر، حازم باجەلان، عەبدولقادر حەمەد ئەمین. لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی چاپ بووە. (ڕۆشنبیر (گۆڤار)، هەولێر، ژ (١)، ١٩٧٣؛ k21، ژ (٥-٦)، ٢٠٠٩، ل١٧٤).

هەرچی ژمارە (٢)ە ئەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ ئامادەکراوە و دراوەتە فەرمانگەی سانسۆر لە بەغدا و لە مانگی مارتی ١٩٧٤ لە سانسۆر دەرچووە، بەڵام بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕی کوردستان نەتوانراوە چاپ بکرێت و لەو ساوە تا ساڵی ٢٠٠٩ واتە دوای (٣٦) ساڵ پاراستنی لای مومتاز حەیدەری ، لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری k21 وەك دیاریی ژمارە دەقی ژمارە (٢) بڵاوکراوەتەوە. لەو ژمارەیەدا سەرۆکی نووسین ئەحمەد شەریف و سکرتێری نووسین مومتاز حەیدەری و دەستەی نووسەران سامیە چاوشلی و یوسف دەرگەڵەیی. جێی ئاماژەیە سانسۆر تەنیا شیعری سەبری بۆتانی کە بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسیوە لابردووە. (k21، ژمارە (٥-٦)، ٢٠٠٩، ل١٧٢-١٩٥).

بێگومان پاراستن و بڵاوکردنەوەی جارێکی دیکەی ئەم گۆڤارە لەسەر لاپەڕەکانی k21، خزمەتێکی دیاری رووناکبیریی کوردی و مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی و هەولێرە.

ی ـ کۆنگرە-١٩٩١:

یەکێتی نووسەرانی کورد لە ١٠/ ٢/ ١٩٧٠ دامەزراوە و بە چەندین هەوار تێپەڕیوە بەپێی بارودۆخی کوردستان. (شەریف، ٢٠١٩، ل١٠٩-١٢٠).

لەدوای ڕاپەڕین بارودۆخێکی جیاواز هاتە ئاراوە، بۆ ئەوەی نووسەران جارێکی دیکە خۆیان ڕێك بخەنەوە، ئەوە بوو کۆنگرەی ڕاپەڕین لە شاری شەقڵاوە لە ١٥-١٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بەسترا. (کۆنگرە، ژ(١)، ١٥/ ١٠/ ١٩٩١، ل١).

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەو ڕۆژنامەیە کە لە ڕۆژانی بەستنی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانەوە دەرکراوە و جارێکی دیکە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری k21 بڵاوکراونەتەوە. (k21، ژ(٨)، ٢٠١٠، ل١٥٦-١٧٣).

ڕۆژنامەی (کۆنگرە)، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بووە، بە بۆنەی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانەوە دەرچووە، ژمارە (١)ی لە ڕۆژی سێشەممەی ١٥/ ١٠/ ١٩٩١ لە شەقڵاوە دەرچووە و ژمارە (٢)ی لە ڕۆژی چوارشەممەی ١٦/ ١٠/ ١٩٩١ و ژمارە (٣)یشی لە ڕۆژی پێنج شەممەی ١٧/ ١٠/ ١٩٩١ بە (٤) لاپەڕە دەرچووە.

دەستەی بەڕێوەبردن: نەژاد عەزیز سورمێ – سەرنووسەر و سەرپەرشتیار. دەستەی نووسەران: ئازاد جوندیانی، مەولود ئیبراهیم، نەوزاد عەلی. دەستەی یاریدەدەر: ڕێکار ئەحمەد، مامۆستا شەوقی، عەبدولڕەحمان مستەفا (پەرێشان، ڕۆژنامەی کۆنگرە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕین، k21، ژ (٨)، ٢٠١٠، ل١٦٢).

لەڕووی نەخشەسازی و تایپەوە، زۆر بە سادەیی دەرچووە، دیارە لەبەرئەوەی دەزگای چاپەمەنی و چاپخانە نەبووە، هەر ئەوەندە توانراوە دەربکرێت. لەمەشدا دەوری دیار بۆ نەژاد عەزیز سورمێ وەك سەرنووسەر و سەرپەرشتیار و خاوەن بیرۆکەی دەرکردنی بووە و زۆربەی کارە هونەرییەکانی ڕاپەڕاندووە. لەبەرئەوەی

مەسعوود پەرێشان باسی رۆژنامەکەی کردووە، ئێمە بە کورتی باسی بابەتە سەرەکییەکان دەکەین. (k21، ژ (٨)، ٢٠١٠، ل١٥٦-١٦٢).

لە لاپەڕەی یەکەمی لۆگۆی رۆژنامەکە بە هەردوو رێنووسی ئاسایی و لاتینی نووسراوە، دروشمی یەکێتی نووسەران لەلای چەپ داندراوە. بێگومان ئەو سێ ژمارەیەی ئەم رۆژنامەیە بەڵگەنامەیەکی گرنگی مێژووی یەکێتی نووسەرانی کوردە لە دوای ڕاپەڕین و لەهەمان کاتدا گۆڤاری k21یش بە دووبارە بڵاوکردنەوەی کارێکی بایەخداری بۆ مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی و هەولێر کردووە.

ئەنجام

رۆژنامەوانی وەك بەشێکی گرنگی رۆشنبیری، دەوری گەورەی لە نووسینی مێژوودا بە گشتی هەیە، وەك بەڵگەی ڕاستەوخۆ.

گۆڤاری k21 وەك گۆڤارێکی بە وەج و دەوڵەمەندی پڕ بەڵگەنامە و زانیاری و بابەتی بەپێز، کە بایەخدارە بەلایەنی رۆژنامەوانی و مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی بەگشتی، (بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و وتار و نووسینی بەڕوومەت لەو بارەیەوە، بەشێکی ئەو کارانە بەر شاری هەولێر کەوتوون و ژمارەیەك گۆڤار و رۆژنامەی ئاشکرا و نهێنی وەك: هەتاو-١٩٤٨، "االثقافة"- ١٩٥٧-١٩٥٨، ژیان-١٩٥٩، رێژنە-١٩٧٠-١٩٧١، رۆشنبیر-١٩٧٣، یاخی بوون-١٩٧٣، کۆنگرە-١٩٩١، یەکێتیی تێکۆشین-١٩٤٤، "الکادر"-١٩٦٨ ــ ١٩٦٩، دەنگی پێشمەرگە-١٩٦٨-١٩٦٩، ئاسۆی کرێکار-١٩٨٩، کە هەندێکیان بۆ یەکەم جار لە کاروانی رۆژنامەوانیی کوردیدا دەناسرێن، لەو گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش لاپەڕەیەکی گەشی مێژووی رۆژنامەوانیی شاری هەولێرە. بەمەش ژمارەیەکی بەرچاوی رۆشنبیر و رۆژنامەوانیی هەولێر بابەتەکانیان لاپەڕەکانی ئەم گۆڤار و رۆژنامانەیان پڕکردووەتەوە.

دیارە ئەو گۆڤار و رۆژنامانە سەر بە کات و شوێن و رەوتی جیاوازن، بەڵام هەر هەموویان لە خزمەت بە زمانی کوردی، جگە لە عەرەبییەکان، لە خزمەت بە خەباتی رزگاریخوازی کوردستان بوونە.

گۆڤار و رۆژنامە ناوبراوەکان رێکخراوەیی، حزبی، سیاسی، پێشمەرگەیی، رووناکبیری، خوێندکاری، ئەدەبی و کرێکارین.

ــ هەندێ لەو گۆڤار و رۆژنامانە دەستنووس یان بە رۆنیۆ راکێشراون.

ــ هەندێکیان نەخشەسازی و لۆگۆیەکانیان زۆر سادە و بە دەست نووسراون.

رۆژنامەوانییە نهێنییەکان بێ ناوی دەستەی نووسەران، بەڵکو رێکخراو و یان کادیرانی حزبەکە بێ ناو کارەکانیان بەڕێوەبردووە.

ــ هەندێکیشیان لە چاپخانەی ئاسایی و بە زیاتر لە ڕەنگێك چاپکراون.

ــ وەك سیمای ئەو رۆژگارە، ژمارەیەك بابەت بەناوی نهێنی و خوازراو نووسراون.

ــ راستە هەندێکیان زۆر سادە و ساکارن، بەڵام زادەی سەردەم و هەواری خۆیانن و بۆ ئەو رۆژگارە بایەخی خۆی هەبووە، "بەندەو تاقە"، وەك لە کوردەواری دەڵێن.

پەراوێزەکان:

[1]- مومتاز حەیدەری: بنەماڵەی حەیدەری، بنەماڵەیەکی زانست پەروەری بەناوبانگی کوردستان و جیهانی ئیسلامین. مومتاز پێنجەمین کوڕی حەیدەر ئەفەندییە، لە ٨/ ٣/ ١٩٣٨ لە هەولێر لەدایك بووە، لە ناوەڕاستی چلەکان چووەتە بەر خوێندن تا سێی ناوەندی خوێندووە، بەڵام لە ١/ ٥/ ١٩٦١ گیراوە و ئیتر جارێکی دیکە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە بۆ خوێندن، بە هۆی گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩) و ئەو کەشوهەوایەی ماڵەوەیان کە براکان خەریکی سیاسەت و کتێب خوێندنەوە بوون، ئەویش کەڵکی لەوە وەرگرتووە و خۆی رۆشنبیر کردووە. لەدوای ١٤ ی تەممووزی ١٩٥٨ و ئەو ڕەوشە تازەیەی دروست بوو، لە ١ ی ئایاری ١٩٥٩ رۆژنامەی "ئازادی" حزبی شیوعی عێراق دەری کردووە، مومتاز دەبێتە پەیامنێری ئەو رۆژنامەیە تا داخرانی بەردەوام بووە، دواتر لە چاپخانەی حزبی شیوعی کاری کردووە، دواتر لە رۆژنامەی "رێگای کوردستان"ی هەمان حزب کاری کردووە. لەدوای ١١ ی ئاداری ١٩٧٠، لە رۆژنامەی "هاوکاری" دامەزراوە و پێنج ساڵیش لەوێ کاری کردووە، دواتر لە رۆژنامەی "عێراق" کاری کردووە. لە دوای ڕاپەڕین ماوەیەك لە "کوردستانی نوێ" کاری کردووە، ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری "رۆژنامەڤانی" سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بووە، بەڵام کاری هەرە دیاری رۆژنامەنووسی حەیدەری دەرکردنی گۆڤاری (K21) بووە، کە هەموو ژیانی ماددی و مەعنەویی خۆی بۆ تەرخان کردووە. بابەتی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها گۆڤاری (لەیلا قاسم و لەیلا زانا)ی دەرکردووە. (غەفوور، ئاسۆی یادەوەری، وەکو خۆی، (14 /1-13 k21، /2 /12 2014، ل٦٤٨-٦٥٥).

[2]- رائدە ئەحمەد بایز: لە هەولێر لەدایك بووە ، لە ساڵی ٢٠٠٦ بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر وەرگرتووە. لە ناوەڕاستی ٢٠٠٨ بووە سکرتێری گۆڤاری K21. مامۆستایە لە ناوەندی ئیبن خەلەکانی کوڕان. (شاووشکا (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٣٣)، ٢٠٠٩، لە K21، ژ ٥-٦/ ٢٠٠٩، ل٥٧٧، وەرگیراوە).

[3]- نافیع یونس: لە ١٩٢٥ لە هەولێر لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٨ کۆلێژی مافی تەواو کردووە، لە ١٩٤٣- ١٩٤٤ دەستی بە کاری رۆژنامەوانی کردووە، لە رۆژنامەوانی نهێنی (یەکیەتی تێکۆشین، شۆڕش، رزگاری ١٩٤٥-ناوەڕاستی ١٩٤٦)، ئازادی نیوەی دووەمی ١٩٤٦، لە رۆژنامەوانی ئاشکرا ئازادی ١٩٥٩-١٩٦٠، لە ساڵی ١٩٦٣ ئیعدام کراوە. (ساڵح، فەرهەنگی رۆژنامەنووسانی

کۆچکردووی کورد، "رۆژنامەڤانی" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٣)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠، ل٢١٧؛ صالح حیدری، الأرشیف، K21، ژ ١/ ١٣-٢/ ١٤، ١٢/ ٢/ ٢٠١٢، ص٦٧٧)

[٤]- ساڵح حەیدەری : لە ٩/ ٥/ ١٩٢٢ لە هەولێر لەدایك بووە، ١٩٦٠-١٩٦١ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، سیاسەتمەدارێکی دیاری ناو حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە رۆژنامەوانی کوردیی نهێنی رۆڵی دیاری هەبووە و لەم رۆژنامانەدا کاری کردووە:
دەنگی کورد ١٩٤٣، یەکێتی تێکۆشین ١٩٤٤-١٩٤٥، شۆڕش ١٩٤٥، رزگاری ١٩٤٥، ئازادی کوردستان ١٩٥٧، خەباتی کوردستان ١٩٥٦، خەبات ١٩٦٣. لە رۆژنامەوانیی ئاشکراش لەمانە کاری کردووە: رزگاری ١٩٥٩، خەبات ١٩٥٩، التآخی ١٩٧١، کادیر ١٩٧١، التآخی ١٩٧٤-١٩٧٦، العراق ١٩٧٦-١٩٨٠، پاشکۆی عێراق. لە ٦ ی ئابی ٢٠٠١ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. (گۆمەتاڵی، ٢٠١٢، ل٢٩، ٣٤، ١٦٩-٢٠٤).

[٥]- کاتی خۆی جەمال نەبەز هەرسێ ژمارەی بە لێکۆڵینەوە چاپ کرووەتەوە. نەبەز، ١٩٨٨،ل٤.

[٦]- لێرەدا دەبێ دەستخۆشی لە نەوزاد عەلی ئەحمەد بکرێ کە جارێکی دیکە ژمارەکانی لەسەر لاپەڕەکانی (k21) بڵاوکردووەتەوە. (احمد، (إعداد وتقدیم)، الأعداد الخمسة الأولی من مجلة الکادر).

[٧]- بۆ شیعرەکان بڕوانە: هەژار، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ١٩٩٨ ، ل ٩١،٩٧، ٩٩-١٩١،١٠١-١٩٥

[٨]- ئەمین رواندزی: محەمەد ئەمین نوری مەلا حەسەن، لە ساڵی ١٨٩٨ لە رواندز لە دایك بووە. تاقانە بووە، خوێندنی سەرەتایی لە یەکەم فێرگەی روشدییەی مەلەکی لە رواندز خوێندووە و پاشان چووەتە ئامادەیی سەربازی و سەرەنجام لە مەکتەبی جەنگاوەری ئەستەنبۆڵ بە مولازمی دووەم بووەتە ئەفسەر، بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە، دوای هاتنەوەی چووەتە ڕیزی سوپای عێراق و دواتریش چووەتە پاڵ شێخ مەحموود، لە دوای ئەوە گەڕاوەتەوە ڕیزی سوپای عێراق لە مووسڵ و هەڵەبجە و لە ١٩٤١ فەرماندەی فەوجی سوپا بووە لە هەولێر، لە ١٩٤٦ بە پلەی موقەدەم خانەنشین کراوە و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری شارەوانی رواندز بووە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر ژیاوە و دواتر ناچار بووە بچێتە بەغدا، لە ٦/ ١١/ ١٩٥٥ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە و لەوێ نێژراوە. لە مووسڵ ژنی هێناوە و ٣ کچ و ٤ کوڕی هەبووە، بەشداری کۆمەڵە و رێکخراوەکانی ئەو سەردەمە بووە، لەبواری رۆژنامەوانی لەگەڵ ساڵح زەکی ساحێبقڕان و فائیق کاکە ئەمین سەرپەرشتی رۆژنامەی (بانگی حەق)یان لە ئەشکەوتی (جاسەنە) کردووەو وتاریشی لە گۆڤارو رۆژنامەکان بڵاوکردووەتەوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بابی لالۆ، دەستەوارەیێ نان ...، ل٤٤٧-٤٥٠). هەتاو، ژ (١)، ١١ ی ئەیلوول ١٩٤٨، ل١؛ تاکە

ژمارەی (هەتاو)ی ١٩٤٨، بابی لالۆ، دەستەوارەیێ نان ... بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: کەمال رەئووف محەمەد (ئاشنا کردن و لێکۆڵینەوە)، پەڕەیەکی ونی رۆژنامەنووسیی کوردی- یەکەم رۆژنامەی هەولێر، "کاروان" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٤٨)، س (٤)، ئەیلوول ١٩٨٦، ل٧٤-٩٥؛ (بابی لالۆ) کەمال رەئووف محەمەد، دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٢٧-٤٩٢.

[9]- پارێزەر ناجی: بەڕێوەبەری بەرپرسی رۆژنامەکە، هەر ئەوەندەی لێ زانراوە، جوویێکی ناسراوی هەولێر بووە. (بابی لالۆ، ٢٠٠٤ ل ٤٥٠).

[10]ـ لە ساڵی ١٩٤٣ لە هەولێر لەدایك بووە، خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا، خوێندنی لە کۆلیجی یاسا و سیاسەت لە ساڵی ١٩٧٦ تەواو کردووە. سەرنووسەری گۆڤاری "دەنگی مامۆستا" و"رێژنە"ی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر بووە، لە ١٥ ی حوزەیرانی ١٩٨٢ لە سێدارە دراوە. (فەرید ئەسەسەرد، ٢٠١٦، ل٧٨٩-٧٩٠).

سەرچاوەکان

کتێب:

بە زمانی کوردی :

- ئەسەسەرد، فەرید، (٢٠١٦)، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرگی یەکەم، چ٣، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- (بابی لالۆ) کەمال رەئووف محەمەد، (٢٠٠٤)، دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو، سلێمانی.
- حاجی، وشیار حەمەد، (١٩٩٨)، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان- چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان و تێکۆشان ١٩٦٢-١٩٩٨، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، هەولێر.
- گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم، (٢٠١٢)، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ رۆڵی سیاسی و رووناکبیری، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری K21 زنجیرە (٣)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- هەژار، (١٩٩٨)، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- نەبەز، (د.) جەمال، (١٩٨٨)، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتیی تێکۆشین (١٩٤٤-١٩٤٥) و ئیدیۆلۆژی هووردە بورژوازی مارکسیستی کورد، ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، سۆکهۆڵم.

بە زمانی عەرەبی:

- احمد، نوزاد علی (إعداد وتقديم)، الأعداد الخمسة الأولى من مجلة الكادر.

نامەی دکتۆرا:

- شەریف، هۆشەنگ سالّح محەمەد، (٢٠١٩)، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغدا (١٩٥٨-١٩٧٥)دا، نامەی دکتۆرای بڵاو نەکراوە، پێشکەش بە (بەشی مێژووی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر) کراوە.

گۆڤارەکان:

-k211، ژ٥-٦، ٢٠٠٩، ژمارە (٧)، ٢٠١٠ ، ژ (٨)، ٢٠١٠، ژمارە (١٠-١١)، ٢٢/ ٤/ ٢٠١١ دووەمی ٢٠١٤، ژمارە (١٢)، ٢٠١١، ، ژمارە (١/ ١٣-١/ ١٤)، ١٢/ ٢/ ٢٠١٤. ، ژمارە (١٥) ناوەڕاستی ٢٠١٢ ژمارە (٢٠)، کانوونی (١)، بەهاری ٢٠٠٨ ، ژمارە (٢١)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤.
- رۆشنبیر (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (١)، ١٩٧٣.
- ژیان: ژ ١، س١، ١٩٥٩.
- شاووشکا (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٣٣)، ٢٠٠٩.
- کۆنگرە، ژ(١)، ١٥/ ١٠/ ١٩٩١ ، ژمارە (١)، ١٥/ ١٠/ ١٩٩١) ، ژ (٣)، ١٧/ ١٠/ ١٩٩٢.
- یەکێتی تێکۆشین، ژمارە (٣)، ساڵی (١)، ١٩٤٤.
- سالّح، ئازاد عوبێد ، بڵاوکراوەی دەستنووسی "یاخی بوون"، لە هەولێر ــ ١٩٧٣.
- سالّح، ئازاد عوبێد، فەرهەنگی رۆژنامەنووسانی کۆچکردووی کورد، "رۆژنامەڤانی" (گۆڤار)، هەولێر، ژمارە (٣)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠.

- الثقافة، العدد الأول، نیسان ١٩٥٨.

ملخص البحث

مجلة k21 كمصدر لتاريخ الصحافة السرية والعلنية الكوردية لمدينة اربيل

تتناول هذه الدراسة دور مجلة k21 في تدوين تاريخ الصحافة الكوردية السرية والعلنية لمدينة اربيل وهي جزء مهم من تاريخ الثقافة والصحافة الكورديين.

هذه الدراسة تبحث عن مجموعة من الصحف السرية والعلنية باللغتين الكوردية والعربية ، والتي نشرت نصوصها على صفحات المجلة المذكورة، وقد صدرت جميعها في نفس مركز مدينة اربيل او في حدودها الادارية، مما يشكل بصورة عامة تاريخ الثقافة لهذه المدينة. والصحف هي:١- السرية: ،يەكێتی تێكۆشین ١٩٤٤، الكادر١٩٦٨-١٩٦٩، دەنگی پێشمەرگە ١٩٦٨-١٩٦٩، ئاسۆی كرێكار١٩٨٩.

٢- العلنية: هەتاو ١٩٤٨، الثقافة ١٩٥٧-١٩٥٨، ژیان١٩٥٩، ڕێژنە ١٩٧٠-١٩٧١، رۆشنبیر١٩٧٣، یاخی بوون ١٩٧٣، كۆنگرە١٩٩١.

لاشك ان جزء كبير من مضمون هذه الصحف ، احداثها ونصوصها تخص تاريخ اربيل وكثير من كتابها من اهالي اربيل ، فتدوينه يشكل أهمية كبيرة لتاريخ المدينة بشكل خاص وتاريخ الكورد بشكل عام.

Abstract

"Journal of K21 as a source for the history of the Kurdish secret and public press of Erbil"

This study deals with the role of K21 magazine in the history of the secret and public Kurdish press of Erbil, an important part of the history of Kurdish culture and journalism.

This study is looking for a collection of secret and public newspapers in both Kurdish and Arabic languages, the texts of which have been published on the pages of the aforementioned magazine, all of which were issued in the same city center or in its administrative borders. The newspapers are:

1-The Secretaries: (YeketîTecoshîn 1944), (Al-Kadir 1968-1969), (DengîPeshmarga1968-1969), and (AsoyKrekar 1989).

2-Publics: (Hetaw 1948), (Al-Thaqafa 1957-1958), (Zyan 1959), Rezne 1970-1971), (Roshinbîr 1973), (Yaxîbûn 1973), and(Kongra 1991).

There is no doubt that a large part of the content of these newspapers, the latest and the texts related to the history of Erbil and many of its writers from the people of Erbil, the codification is of great importance to the history of the city in particular and the history of the Kurds in general.